# چەنگی عەشق

عومەر کەریم بەرزنجی

عەشق جەنگێکە, لەگەڵ خەونی بەربەریەتدا
نیشتمان سەرابە لە چاوی گوڵی
باخچەکانی شکۆدا
قەدەرێکە, بەدیار وەرینی پەڕەی ئەو گوڵانەوە
چاوەڕێی شکۆفەی گوڵێکین
ئەم باخچە سوتاوانەی...پێ ئاوەدان بکەینەوە
ترسی ئەو گوڵە هەڵپروچکاوانەی پێدەرکەین.
قەدەرێکە بەدیار ئەو تەرمانەوە
چاوەڕێی رەت بوونی زێوانێکین
فێری شاردنەوەی تەرمی
ئەم هابیلانەمان بکات
ئیدی کۆترەکانی بەرائەت
بەباڵی شەتەك دراوەوە هەڵنافڕن
لە دوای یوسف
بەم کراسە خوێناوییەوە
چۆن بەنێو کۆڵانەکانی
ئەویندا تێپەڕین
بەدەسڕی کام پەیامبەری شەهید
فرمێسکەکانی چاوی "یەعقوب"
بسڕینەوە.
ئەی سوغرەکێشی ئیمپراتۆرەکانی جەهل
پەنجەرەیەکمان هەبوو
بۆ تروسکاییەك لە یەقین
دەرگایەك, بۆ چونە ناو باخچەکانی بەرائەت
لەگەڵ تەقینی یەکەمین گولەدا
خەونەکانما بەو زێوانانە دۆڕاند
بەدیار گۆڕێکەوە وێردی ئەو قەشانەیان
دەخوێندەوە...
بێ ئەوەی ڕاقەی ئەو هیجرەتە بکەن
بێ ئەوەی لەمانای ئەم هەموو خیانەتە
تێ بگەن.